# ئێران بەرەو کوێ دەچێت؟

نووسینی: کاوە میسری

kawa_m2000@hotmail. com ٢٦-٠٦-٢٠٠٣



بە چاوپێداخشاندنێك بە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران، بۆمان دەردەکەوێت کە بنەماکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئەمجارە پتر لە جاران کەوتۆتە لەرزین. زۆر کەس چاوەڕوانی ڕووخانی ڕژێم بەم زووانە دەکات.

ڕوون و ئاشکرایە کە نارەزایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی و نارەزایەتی خوێندکاران بە تایبەتی نیشاندەری ئەم ڕاستییە حاشالێنەکراوەیە کە ڕژێمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ چی دی لە مە زیاتر بە بیر و بۆچوونی کۆنەپەرەستانە کلاو لە سەر خەڵکی هەژار و لێقەوماوی ئێران بنێت.

دیارە کۆمەڵگای ئێران بەرەو قۆناغێکی نوێ دەچێت وە ئەم ڕەوتە ڕەوتێکە پێشی ناگیردرێت نە بە قەدەغەکردنی خۆپیشاندانەکان و نە بە زیندانی کردنی خۆپیشاندەرەکان. هیچ شك و گومانێك لە تێکچوونی کۆماری ئیسلامیدا نییە بەڵام گومانی جۆراوجۆر دەکرێت بۆ چۆنیەتی و زەمانی تێکچوونی ئەم ڕژیمە. یەکێك لەم گومانانە گومانی هێرشی چەکداری ئەمریکایە بۆ ناوچە، ئەوەی تریشیان گومانی هەرەس هێنان و تێکچوونی ناوخۆی ڕژێمە بە بێ ئەوەی ئەمریکا یان وڵاتێکی دیکە هێرش بباتە سەری. بە واتەیەکی تر مان گرتن و نارەزایەتیەکانی خەڵك ئەوەندە زۆر بێت کە لە چوارچێوەی زانکۆکان و دەورو بەری چەند شارێك بەرفرەوتر بێت و بکێشرێتە شار و شارۆچکەکانی تری ئێران تا ئەو ڕادەیە کە دەوڵەت، کۆنترۆڵی تۆتالیتەر و دیکتاتۆرییەتی ئایینی خۆی بە سەر کۆمەڵگای ئێران بە تەواوی لە دەست بدات.

هەروەك لە سەرەوە باسکرا حکوومەتی مەلایانە (ئاخوند) ی ئێران درەنگ یان زوو تێك دەچێت، بەڵام چەند بابەتێکی گرینگ هەیە لێرەدا کە جێی سرنجدانە؛

* یەکەمییان ئەوەیە، ئایا بە تێکچوون و ڕووخانی ڕژێمی ئێران، ئالتەرناتیو یان جێگرێکی وا بەدیی دەکرێت کە ئەم بۆشاییە دوای ڕووخانی ڕژێم پڕ بکاتەوە یان نا؟ (بێ شك ئەگەر ئالتەرناتیوێکیش هەبێت بە پێی چەند ـ نەتەوەییبوونی کۆمەڵگای ئێران ئەم ئالتەرناتیوە پێکهاتەیەك دەبێت لە چەند ئالتەرناتیوی پچووکی دیکە) .

*دووهەمیشیان ئەمەیە، ئەم ئالتەرناتیوانە (ئالتەرناتیوە سەرەکییەکان) کێهانەن و پوتەنسیالی هاوکاری ئەم دەستەو گرووپانە لە گەڵ یەکتر تا چ ڕادەیەکە؟

ئەوەندەی کە تا ئێستا لە دەنگ و باسەکانی ئەم دواییانەدا دەردەکەوێت نێوی چەند حیزبێکی کوردی و فارسی هاتۆنەتە ئاراوە کە لە گەڵ ئەمریکا دەستییان بە ووتو وێژ کردووە. لە نێو حیزبە کوردییەکان دا نێوی ***حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران*** بە ڕێبەرایەتی *__عەبدوڵا حەسەنزادە__* و ***کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران*** بە ڕێبەرایەتی *__عەبدووڵا مۆعتەدی__*، وەك دوو حیـــــزبی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران، هــەر وە ها ***سەڵتەنەت تەڵەبەکان*** بە ڕێبەرایەتی *__ڕەزا پەهلەوی__*[1] و موجاهیدین[2] بە ڕێبەرایەتی مەریەم ڕەجەوی وەك ئەحزابی بەرچاوی فارسی[3] ئێران باسییان لە سەر کراوە. دیارە هیچ ووتو ویژێك لە گەڵ ڕێکخراوی موجاهیدین لە گەڵ ئەمریکا پێك نەهاتووە.

---

[1] کوری ڕەزاشا ئاخرین شای ئێران

[2] دیارە خوێنەر حەتمەن ئاگادارە کە موجاهیدین تەنیا ڕێکخراوی بە هێزی چەکداری فارس بوو کە هەم لە لایەن ئەمریکا و هەم لە لایەن وڵاتانی یەکگرتووی ئەورووپاوە بە تێرۆریست ناسران. چەکە قورسەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە لایەن ئەمریکا ماوەیەك لەمەوپێش دەستی بە سەر داگیرا و ڕێبەرەکەشی لە گەڵ هەندێك لە ئەندامانییان لە فەرانسە لە لایەن پۆلیسی فەرانسە چەند ڕۆژ لەمەوپێش دەستبەسەر کران.

[3] بۆ ئاگاداری خوێنەر دیارە ئەم حیزبە فارسانە ئەندامی غەیرە فارسیشیان هەیە بەڵام بە ڕادەیەکی یەکجار کەم.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

بەرنامە و ڕێبازی سیاسی ئەم حیزبانە تا ڕادەیەك بۆ خەڵك بە شێوەی جۆراوجۆر ڕوون کراوەتەوە و پێویست ناکا لێرەدا دووبارە دووپات ببێتەوە.

خاڵی هاوبەشی تەواو، یان بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی (واتە ئۆپۆزیسیۆنی گەلە جۆراوجۆرەکانی ئێران) ئەمەیە کە هەموویان دەیانهەوێت کۆماری ئیسلامی بڕووخێت و حکوومەتێکی دیموکراتیك بێتە سەر کار و نیزامی داهاتووی ئێران نیزامێکی سێکۆلار بێت[4].

شتێك کە جێی پرسیارە ئەمەیە کە تا ئێستا ئەم حیزبانە سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەشیان، نەیانتوانیوە بەرەیەکی هاوبەش دژ بە دوژمنیان کە کۆماری کۆنە پەرەستی ئیسلامییە پێك بهێنن، یان تەنانەت لە هەندێك خاڵ دا هاوکاری یەکتر بکەن. ئەم کارە نەتەنیا نەکراوە بەڵکوو بە پێچەوانە، یان، بە چەك لێکتریان کوشتووە یان بە شێوەی جۆراو جۆر پرۆپاگاندەیان دژی بە یەکتر بڵاو کردۆتەوە، وە یان ئەگەریش بەرەیەکیان پێکهێنابێت ئەم کارەیان دژ بە یەکتر کردووە. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای ئێران لە هەموو کاتێك زۆرتر پێویستی پێیەتی لێك بەربڵاوە بۆیە بە بڕوای من ئەم ئۆپۆزیسیۆنانە ناتوانن ڕێبەرایەتی کۆمەڵگای ئێران بکەن. ڕێبەرایەتی کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەیی وەك ئێران لە سەر بنەماکانی دیموکراتی، پێویستی بە بوونی توانایی دیالۆگ هەیە وە ئەم خاڵە خاڵێکی زۆر گرینگ و ئەساسییە کە بە بڕوای من لە نێو ئۆپۆزیسیۆنەکانی کورد و غەیرە کوردی ئێرانیدا بە شێوەیەکی وا بەدی ناکرێت.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

[4] نیزامێک جودا لە سیاسەت